# حوکمی تەواف کردنی ئافرەت لە کاتی سووری مانگانە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم دخول الحرم والطواف حال الحيض ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## حوکمی تەواف کردنی ئافرەت لە کاتی سووری مانگانە

**پرسیار :** ئافرەتێك پاش ئەوەی نییەتی حەجی هێنا و لەعەرەفات وەستا و ڕەمی جەمەراتی کرد کەوتە سوڕی مانگانەوە (عادة شهري) وە پیاوەکەشی ناچار بوو پاش کۆتایی هاتنی حەج خێرا بگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی، وە ئەم ئافرەتەش کەسێکی نەبوو لەشاری مەککە لای بمێنێتەوە تا پاك دەبێتەوە لەسوڕی مانگانە، حوکمی ئەم ئافرتە چییە و دەبێت چی بکات ؟

**وەڵام :** ئەگەر هاتوو حاڵی ئەو ئافرەتە وابێت کە تۆ باسی دەکەیت و کەوتبێتە سوڕی مانگانەوە پێش تەوافی ئیفاضە کە ڕوکنێکە لەڕوکنەکانی حەج وپیاوەکەشی ناچار بێت خێرا بگەڕێتەوە و لەمەککە نەمێنێتەوە، وە ئەم ئافرەتەیش کەسێکی نزیك یان خزمێکی نەبێت لە مەککە لای بمێنیتەوە تاوەکو پاك دەبێتەوە لە سوڕی مانگانەی، ئەوا مەرجی پاکێتی (الطهارة) لەسەر ئەم ئافرەتە بۆ تەواف وچوونە ناو بەیت هەڵدەگیرێت ئەویش لەبەر (ضرورة) و پێویستی، بۆیە لێرەدا دەبێت ئەو خوشکە چاك خۆی

بپێچێتەوە وتەواف وسەعی خۆی بکات، ئەویش بەبەڵگەی ئە م ئایەتانە کە خوای گەورە دەفەرموێت:{يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ}{البقرة :١٨٥}، واتە : خوای گەورە ئاسانكاری بۆ ئێوە دەوێت و بارگرانی وقورسی لە ئێوە ناوێت وە فەرموویەتی :{ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} { البقرة:٢٨٦} واتە : خوای گەورە تەکلیف لەکەس ناکات بەپێی توانای خۆی نەبێت، هەروەها فەرموویەتی : {مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ} {المائدة :٦ } واتە : پەروەردگار لە ئاین ودینەکەتاندا بارگرانی وکاری قورسی لەئێوە ناوێت ، وە فەرموویەتی : {فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ} {التغابن : ١٦} واتە : بەندایەتی وخواپەرستی خودا بکەن بەگوێرەی ئەوەی دەتوانن، وە پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه و سلم) فەرموویەتی : ( إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم ) واتە : هەرکاتێك هەر فەرمانێکم پێکردن بەگوێرەی ئەوەی دەتوانن بەجێی بهێنن .

ئەمەو چەند ئایەت وفەرموودەیەکی تر کە بەڵگەن لەسەر هەڵگرتنی قورسی وبارگرانی لەسەر ئوممەتی ئیسلام ...

مەگەر کاتێك نەبێت ئەگەر هاتوو ئەو خوشکە بۆی کرا لەبەر نزیکییان لەمەککەو کەم مەسروفی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ تەواوکردنی تەوافەکەی ئەوا لەم کاتەدا دەبێت تەواف نەکات ولەگەڵ مەحرەمێکیدا لەنزیکترین کاتدا بگەڕێتەوە بۆ مەککە و تەوافەکەی بکات پاش ئەوەی لە سوڕی مانگانەی پاك بوویەوە ...

هەر سەبارەت بەم فەتوایەش کە ئێمە باسمانکرد هەر یەك لە شێخ الإسلام ابن تیمیة و ابن القیم ی قوتابی فەتوایان پێداوە ...

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە ....